# شەوێك بۆ مێژوو

کۆژان
ئارنهێم–هۆڵندا
2005–05–21
B_shruan@hotmail.com

**مانگی ئایاری ساڵی 1982 بوو زۆربەی شارەگەورەکانی وەك سلێمانی و هەولێرو کەرکوك خرۆشابوون، تێکڕا هاواری بڕوخێ بەعسیان بوو.شارۆچکەکەی ئێمە کەلار ڕانە پەڕیبوو,ئەوکات من ئەندامی کۆمەڵەبووم,لە ڕێکخستنەکاندا کارم ئەکرد,ڕۆژانە بیرم لەوە ئەکردەوە چۆن وا لە شار بکەین ڕا پەڕێ,هەڵبەتە من خەڵکێکی زۆرم ئەناسی,بەڵام بۆ خۆپاراستن لە ئاشکرابوون نەم ئەوێرا ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا لەوبارەوە بدوێم,بەبارێکی تردا ڕۆژانە باس باسی ڕا پەڕین بوو ئەگەر بیرم مابێ هەر لەو مانگەدابوو خەڵکی (حەمەی کەریم)*ڕێگایان بە کاروانی پارێزگاری سلێمانی گرتبوو,دابوویانە بەر بەرد , پیاوەکانی پارێزگاریش تەقەیان لێکردبوون,بیرم نەماوە لەو نێوەدا چەن کەس کوژرا یان بریندار‌بوو.من ئەمزانی (کامەران )یش ئەندامی کۆمەڵەیە,بەهەرحاڵ لای یەکتر ئاشکرابووین ڕۆژانە باس باسی ڕێکخراوبوونمان ئەکرد,هەڵبەتە لە دوو هێڵی جیاوازەوە کارمان ئەکرد.ڕۆژێك کامەران پێی ووتم ئەمشەو ئەمەوێ ژووری یەکێتی قوتابیان عێراق لە سانەوی کەلار** بسوتێنم,هەر لەوێدا کەوتینە گفتوگۆوە ئایا تا چەند کاریگەری هەیە بۆ سەر خەڵکی کەلار,**

**من لەو باوەڕەدا بووم هۆیەکی باشو کاریگەرە ڕەنگە دوای سووتانی مۆڵگایکی بەعس خەڵکیش ڕاپەڕێ شارەکەی ئێمەش بەشداربێ لە ڕاپڕینەکانی دژە بەعس.ئەو کات (حامد) ناوێك سەرۆکی یەکێتیەکە بوو,بۆیە زۆر خۆش حاڵبووم دەستخۆشیم لێکردوهیوای سەرکەوتنم بۆ خواست.ئەو شەوە تابەیانی خەو نەچووەچاوم هەر بیرم لای کامەران بوو,ئەشێ چی کردبێ,تەقەیان لێکردووە بریندارە گیراوە,ژوورەکەی سووتاندوەو گەڕاوەتەوە ماڵەوە,بیرم بۆ لای هەزارویەك شتی جیاجیا ئەڕۆشت,بۆ بەیانی وەك پیشەی هەمیشەیم چووم بۆ قەزاکە (ئەوکات ئێمە لە کەلاری کۆن بە کەلارمان ئەوت قەزاکە),کامەرانم بینی ووتم ها چیتکرد ,ووتی ئەوەی ڕاستیبێت**

**بۆم نەکرا چونکە جەیش شەعبیەکی زۆر لەو ناوەدابوو بۆیە نەم توانی ئەنجامی بدەم.
ووتی ئەمشەویش هەوڵ ئەدەم,ئەو شەوەش وەك شەوی پێشوو هەر ماخۆلانم بوو.
بۆ بەیانی دووبارە کامەرانم بینیوە,بەر هەر حاڵ شەوی دواتریش بواری بۆ نەڕەخسابوو
ئەنجامی بدات,لەبەر ئەوەی وام ئەزانی ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدرێت ئیتر خەڵکی کەلاریش ڕائەپەڕێ بۆیە زۆرم بەگرنگ دائەنا,هەر لەوێدا پێم ووت بۆ من هەوڵێك نەدەم.تۆزێك وەستاو ووتی زۆر باشە,دەبا بڕۆین بۆ قوتابخانەکە,ووتی ئەو دەبە نەوتەت پێشان ئەدەم کە لە مەکتەبەکە شاردوومەتەوە,ووتم باشە,ڕۆشتین بۆ لای سانەوەیەکە چووینە ژوورەوە.چووینە ئەو شوێنەی نەوتەکەی لێشاردبووەوە,لەژێر (شەفەلاح)***یکی گەورەدا لە نێوان دیواری حەوشەی قوتابخانەکەو پەنجەرەی پشتەوەی ژووری یەکێتیەکەدابوو.تەئکیدم کرد کە لە کوێدایە.**

ئەو ساڵە بڕیارم دابوو تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی ئامەدەیی بدەم. بۆیە کتێبێکی ئینگلیزیم پێبوو،قوتابیان تادرەنگانێ لە دەوروبەری قوتابخانەکە ئەیان خوێند بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ.منیش بەدەم سەعی کردنەوە دووبارە چوومە ناو قوتابخانەکەوە. وەخت بووە عەسرێکی درەنگ نزیکی ئەو شوێنە بوومەوە کە نەوتەکەی لێبوو ئەبوایە پێش وەخت شوشەی ژوورەکەم بشکاندایە،چونکە بەڕۆژ دەنگی شکاندنەکە نەئەگەیشتە گوێی کەس ،بەردێکی ئاسنینم هەڵگرت لەدووری نزیکەی دوومیترەوە کێشام بە شوشەکەدا ووردوخاش بوو،بە خێرایی لە شوێنەکە دوورکەوتمەوە.

خۆر بەرو ئاوابوون ئەچوو،تاکوتەرا خوێندکار مابوون ئەوانیش وورده وورده بەرومالْ کەوتنەرێ.بەتەنها مامەوە هێشتا دونیا ڕووناک بوو،لەبەر جەیش شەعبیەکانی سەر ڕەوزەکەو ماڵەکانی ئەودیوو مەشرووعەکە نەمتوانی نە لە ناو حەوشەی قوتابخانەکە بمێنمەوەو نە بچمە ناو ژووره پەنجەرە شکاوەکەوە.بۆیە لەسەرخۆ چوومە ژێرداریکەوە لە سوچی حەوشەی قوتابخانەکە ڕووابوو ،لەلای چەپی خۆرئاوایی قوتابخانەکەوە بوو،نەمزانی دارەکەچی بوو دارێکی تێک هەڵچڕاوبووهەموو لق و پۆپەکانی گەڵایان پێەوە بوو، هەندێ لە گەڵاکانی لە زەویدا بوون ڕەنگە هەر میترێک سەری دیوارەکە کەوتبێ.لە ژێر

دارەکەدا جگەرەیەکم داگرساند زۆر بە وریاییەوە نەوەک چەکدارەکان بمبینن چونکە ڕووم لە ڕەوزەکە بوو.بیرم لەوە ئەکردەوە ئەم شەو چۆن بەعس ئەتکەم،تەواو تاریک داهات وورده وورده بەرەو پەنجەرەشکاوەکە کەوتمەرێ،دەبە نەوتەکەم لە ژێر شەفەلاحەکە دەرهێنا دەستم برد بۆ پاشماوەی شووشە شکاوەکە،پەنجەرەکە بەشێک بوو لە پەنجەرەیەکی گەورە ڕەنگە ئەو بەشەی لای ڕاستی پەنجەرەکە بەرزییەکەی مترێک زیاترو پانییەکەشی 30 تا 35 سەنتیم بێت پەنجەرەکەم پاککردەوە لە شووشە شکاوەکە،نەوتەکەم خستە دیوی ژوورەوەی پەنجەرکە خۆشم تەکانێکم داو لە پەنجەرەکەوە چوومە ژوورەوە،سەرەتا هیچم نەبینی لەبەر تاریکی  وورده وورده بەرچام ڕۆشن بووەوە.مێزێک و دوو قەنەفەو دوو لۆکێتی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەگەڵ کارتۆن و کەلوپەلی وەرزشی،زۆر ئارام بووم لە درزی پەردەی پەنجەرەی ناوەوە سەیری حەوشەی ناوەوەم کرد،ڕەوزەکە بەرانبەرم بوو.

گوێم لە دەنگیان بوو جارجارە دەنگی ڕاکیشانی میلی تفەنگم ئەبیست.دوای 23 ساڵ ئەستەمە ووردو درشتی ئەم شەوەم بیرمابێ،ئێستا واهەست ئەکەم لە درزی پەردەکەوە ئەیانم بینی جگەریان ئەکێشا،بەڵام تا جارێکی تر نەڕۆمەوە نەچمە ئەو شوێنە ڕوون نابێتەوە بۆم.سەر مێزەکە هەندێ شتی وەک پێنووس وقەڵەمدان ومرەکەبی مۆرو ئاڵایەکی بچوکی ئێراقی لێ بوو،وێنەیەکی سەدام حوسەین بەرانبەر دیواری بەرپرسەکە بوو،بێ چوارچێوە هەر بە کاغەزی هەڵواسرابوو.چەن لافیتەی درێژوپان لەناو ژوورەکەدا بوو،لەبەر تاریکی هەموو شتەکانی ناو ژوورەکەم نەئەبینی.

ئێستاس نازانم بۆ پەلەم نەبوو،من مرۆڤێکی چاونەترس نیم،بڕوابکەن ئەو کاتە ترس لام کۆچی کردبوو.لەسەر یەکێ لە قەنەفەکان دانشتم جگەرەیەکم پێکرد،ئێستا پێکەنینم دێ چونکە وام ئەزانی ئەگەر هەموو شتومەکەکان کۆنەکەمەوە باش گڕناگرن،بۆیە هەردو قەنەفەکەم لەیەک نزیککردەوە ،لای مێزەکەوە بەدرێژی مێزەکە دووربوون لە یەکتر لەو سەرەوە نوساندنم بە یەکەوە هەرچی کورسی و کارتۆن و لافیتەو شتومەکی تر هەبوو خستمنە نێوان هەردوو قەنەفەکەوە،یەکێ لە لافیتەکانم هەڵدایە سەر پەنکەی بنمیچەکەوە،

لەپڕ گوێم لە خشەی پێیەک بوو وەک ئەوەی نەعل یان کڵاشی چەکی لە پێدابێت لەدرزی پەردەکەوە تەماشام کرد نەمتوانی بیبینم ئەمزانی لە حەوشەکەدایە دوو سێ نەرمە کۆکەی بۆکرد هێشتا گوێم هەر لەخشەی پێیەتی
لەپڕ گوێم لەداخستنی یا کردنەوەی دەرگا بوو زانیم حەرەسی قوتابخانەکەیە ڕەنگە دەستی بەئاوگەیاندبێ .کەوتمەخۆم زیاتر لە  سەعاتونیوێک لە ژوورەوە بووم،درەنگە کاتی ئەوە هاتوە نەوتەکە بڕژمە سەر کەلوپەلی ژوورەکەدا،دەبەکەم خاڵیکرد قەباغەکەیم بەدەستەوە بوو،وێنەکەی سەدامبینی لە لووتی بەرەو خوارەوە دڕیم قەباغەکەم کردە دەم و لووتیەوە،وام ئەزانی ئەو قەباغە تابەیانی هەر ئەمێنێو سبەی ئازاری بەعسەکان ئەدات

کارەکانم هەموو تەواوبوون.بەنەخوێنی شەواڵەکەم توندکرد کتێبە ئینلیزیەکەم
کردە ژێر شەواڵەکەمدا بە شێوەیەک لەکاتی ڕاکردندا  نەکەوێت،پێنج لیتر نەوتم ڕژاندبووە سەر قەنەفەو کورسیو مێزەکەدا لەو شوێنەی سەری هەردو قەنەفەکەم دابوو لەیەک تەڵێ شقارتەم دەرکرد دامگیرساند فرێمدایە سەر قەنەفەکانەوە دانەیەکی ترم داگیرساند ئەویشم فڕێدایە سەری ویستم دانەیەکی تر دەرکەم فریا نەکەوتم ژوورەکە بوو بە یەک پارچە ئاگر لەناو ئەو ئاگرەدا

هەر ئەوەندەم بۆکرا خۆم گەیاندە پەنجەرە شکاوەکە دەرچووم نازانم چۆن بەسەر دیواری حەوشەدا بازمدا چوومە ئەودیو دیوارەکەوە هەتا هێزم تیابوو ڕامکرد بەرەو مەشروعەکە سەرەتا بە پاڵ مەشروعەکەدا ڕام ئەکرد،تەقە دەستی پێکرد سەد مەترێک بەو شێوەیە ڕامکرد تا ئەهات تەقە زیادی ئەکرد،ئیتر گڕدارەکانم لە چواردەوری خۆم بینی دڵنیابووم تەقە لە من ئەکەن،لەترسی پێکان خۆم فڕێدایە ناو مەشروعەکەوە،بە ناچاری ئەبوایە لەسەر هەر چوار پەل بڕۆشتمایە،چونکە مەشروعەکە تەنها نزیکەی مەترێک بەرزەو مەترێکیش پانە،پڕی لە قوتوی کۆن و داررو وورده بەردوو قەوزەبوو،تەقە هەر بەردەامە

پێش ئەوەی لەسەر هەر چوار پەل بخشێم ئاورێکم دایەوە نێڵەی ئاگرلە پەنجەرەی ژووری ئیتحادەوە بەرزئەبووەوە،لەبەر تەقە نەم توانی تۆزێ زیاتر سەیری ئەو دیمەنە جوانە بکەم،بۆیە ئەڵێم خشان چونکە هەرکە دەستوپێم خستە سەرچیمەنتۆی زەویە قەوزاویکە،ئەتووت هێزێکی نادیارپاڵم ئەنێت،بە تەکانێک چوار پێنج مترلە سەر ئەو قەوزە لوسە بەرەوپێشەوە ئەخشام،نزیکەی کیلۆمەترێک تا کیلۆمەترونیوێک بەو شێوەیە بەناو مەشروعەکەدا لەسەر دەستوپێ ڕۆشتم،تا گەیشتمە جادەی کەلار– کفریتەقە هەموو شاری گرتبووەوە،شار شڵەژابوو گڕدار لە ئاسمانی شار وون نەئەبوو،دەنگی ئۆتۆمبیل و تێخوڕین کێشانەوەی میل تەقەکردن،

ئەتووت بەشێکە لە فلیمێکی ئەمریکی.هێشتا هەر لە مەترسیدام،بۆیە نەموێرا بەسەر جادە قیرەکەدا بڕۆم،ئەو بۆڕێیەی ئاوی مەشروعەکەی بە ژێر جادەکەدا ئەگوازتەوە بۆ زەوییە دەییمیەکانی باشووری خۆرنشینی شار.چێوەکەی مەترێک ئەبوو،چوومە ناو بۆڕێکەوە جۆگەلەیەک ئاوی پیائەڕۆشت،کەچی لە ناو مەشروعەکەدا وام ئەزانی ئاوەکە وەستاوە،چونکە کەمترلە 10 سانتیمێک ئاوی تیابوو لە زۆربەی شوێندا قوتو بەردو کوتە بلۆکەکانی دانەپۆشیبوو،دە دوانزە مەترێک بە زگە خشە بەناو بۆڕێکەدا ڕۆشتم،گەیشتمە ئەودیوی جادەکە،هەستم کرد لە مەترسی دوور کەوتوومەتەوە،بەڵام تەقە هەر بەردەوامە،دوو سەد مەترێک لە جادەکە دوورکەوتمەوە،لەسەر لێواری مەشروعەکە ڕوو لەشار لێی دانیشتم جگەرەیەکم داگیرساند،بەس دوکەڵم ئەبینی10خولەکێک حەوامەوە،کەوتمە ڕێ ،بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەمە ماڵەوە دەبێ ڕێگایەک بگرم دووریێت لە جادە قیرەکەوە،چاوەڕێی ئەوە بووم هەر ئێستا نا تۆزێکی تر ئەمن وئیستخبارات لەگەڵ جاشەکانی حەمەی ئەحە فەڕاشدا(دڕندەترین جاشبوون)کۆنترۆڵی هەموو شار ئەکەن هەموو ڕێگەکان ئەگرن مەل دەرباز نابێ.جۆتەواو زەردبووبوو گەنمیش تا سەر سینە ئەهات لە مەشروعەکەوە ڕوەو سەیل ماڵ کەتمە ڕێ ئەبوایە بەناو دەغڵ و داندا بڕۆشتمایە،هەرکاتێ ئەگەشتمە زەوییێکی وەردی تۆو نەکراو لام ئەداو خۆم ئەکردە ناو خەلەدا،ئاسایی بەنیو ساعات لە سەنتەری قەزاکەوە ئەگەییشتە کەلاری کۆن،

ئەو شەوە من ئەو ڕێگا نیو سەعاتیەم بە سێ سەعات بڕی.لە ترسی دەربازبووندا جوانی مانگاشەوەکەم بیرچووبوو،ئیتر بە تەواوی لەمەترسی دوور کەوتبوومەوە بۆ یەکەم جار هەستم بە تینوێتیەکی زۆر کرد مەڵاقم وشک بووبوو ،بەرەو سەیلماڵ ئەڕۆشتم لە پڕ کەوتمە سەر چاڵاوێک کە پاشماوەی بارانی ئایار بوو ڕووبەرکەی دوو مەترێک ئەبوو،لەبەر ڕۆشنایی مانگاشەوەکەدا سەدەها ئاو ڕۆشنکەروەم ئەبینی لەم سەری ئاوەکەوە بۆ ئەو سەری ئاوەکە ئەڕۆشتن،عەکسی مانگەکەم لە ئاوێکی ڕۆشندا ئەبینی،بینم نا بە ئاوەکەوە وەک ئەسپێکی ماندوو تا تینوێتیم نەشکا دەمم هەڵنەگرت لە ئاوەکە،ئاگام لەوە نەمابوو چەند ئاوڕۆشنکەرەوەو مێشوولەم خواردوەتەوە،خۆشترین ئاو لە خۆشترین چرکەساتەکانی تەمەنی هەرزەکاریم.دوای ماوەیەک گەیشتمە کۆپرێکەی سەیلماڵ،ئەوکۆپریەی بە ڕۆژیش کەم کەس ئەیوێرا لەژێریدا بحەوێتەوە،کۆپریکەی سەلە خنکاویان پێ ئەووت هەموو جارێک کە منداڵ بوین دایکم ئەی گێڕایەوە گوایە دێوو درنج سەلەیان لە ژێر ئەم پردەدا خنکاندووە.پردەکە نزیکەی 3 کیلۆمەترێک دوورە لە کەلاری کۆنەوە،کەوتوەتە باشووریەوە،سەعات خۆی دابوو لە یەکی شەو،

بەڕێکەوتم دووبارە گەیشــتمە جادە قیرەکە،لەناو زەوەیەکانی قەراغ دێ ئێستێکم کرد،دەوروبەرم باش پشکنی هیچ دیار نەبوو،ئەم شوێنەی کە ئەمویست بچمە دێ وە لێی نزیکترین خاڵبوو بۆ گەییشتنە ماڵ، گڵۆپی ماڵە پەزدارەکانی خوارووی دێ ئەوناوەی کردبوو بە مەشخەڵان،مەڕوبزنەکان لە پەچەدا بوون،لەم سەرەوە ماڵی ملە سوورەیەکان کە زۆر نەبوو نیشتەجێی دێکەمان بووبوون لەو سەرەوە ماڵی حەبیب حەمەخان،گوێم لەدەنگی قرخەو کۆکەیە بوو نەم زانی شوانەکەی ماڵی حاجی ئەحمەیی ملە سوورەیە یان چەکداری سەربانەکەیانە،ئەبێ هەربڕۆم بەسەر ئەم جادە قیرە نەفرەتیەدا،تەنها کتێبە ئینلیزیەکەم پێوو،لوولم کردو سەرێکیم بەدەستی چەپ گرتوو هەڵمدایە سەرشانم،بۆ ئەوەی ئەگەر بینیمیانوابزانن پێشمەرگەم و ئەچمە ناو دێ وە،بەهەرحاڵ چوومە سەر جادە قیرەکەلە ماڵی ملە سوورە تێپەڕ بووم،تێیان نەخوڕیم،گەیشتمە ماڵی کاکە گوڵ محمەد ئەویشم تێپەڕاند،هەرکە گەییشتمە نێوان ماڵی حاجی عەزیزو حوسەین حەمۆمین،دوژمن بەحاڵم نەبێ بەدەست سەگە سوورەکانی ماڵ حاجی عەزیزەوە،لەو چرکە ساتانەدا پڕبەدڵ حەزمەکرد چەکم پێبوایە بۆ ئەوەی  بۆ هەتاهەتایی بێ دەنگیانکەم،هەرچۆنێبێت چەند بەردێکم تێگرتن و نزیکی ماڵەوەمان بووم.لەبەرئەوەی

زۆربەی شەوەکان لای هاوڕێکانم بووم ئەمزانی چۆن دەرگا گەورە ڕەنگ شینەکەمان بکەمەوە،ڕەنگە ئەم شەوە بە بەخترین شەوی من بووبێ لە ژیانمدا چونکە ئەتوانم بڵێم تاکە شەوبوو دەرگابکەمەوەودایکم بەخەبەرنەیەت،خۆم گۆڕیو دەستێ بێجامەم لەبەرکرد جلە قوڕاویەکانم شاردەوە لەترسی دایکم چونکە بیەزانیبایە ئەبوایە شەڕێکی گەورەمان بکردایە هەزارویەک لام و جیمی پێ ئەکردم.

ئەو شەوە خۆشترین خەوم لێکرد بەدەم نەشئەی سەرکەوتنەوە خەوتم.بۆ بەیانی عاسمەی خوشکم لەخەو هەڵی ساندم، پێی ووتم :مەحموی برام هەڵسە میوانت هاتوە، کێیە؟ کوڕەکەی حاجی مەحموی جەلەولایە،کامەرانە؟ وابزانم، هەستام و چوومە بەردەرگا خۆی بووکامەران بوو بە جێبەکەی کاکە ئەنە هاتبوو( ئەنوەر محەمەد ڕەشید)لە خۆشەویستی هەموو کەس پێی ئەوت کاکە ئەنە.هەر لە دورەوە باوشی بۆگرتمەوە ووتی پاڵەوانیت پاڵەوان، حەزمەکرد بفڕم ئای شانازیم بەخۆمەوە ئەکرد هەستمەکرد هەموو دونیا هی منە.ووتی ئەم شەو خەوم لێنەکەوتوەچونکە سەعات دەوری نۆ نۆو نیو چەند دەسڕێژێک کرا لەدڵی خۆمدا ووتم سەد لە سەد تەقەیان لەو کردوە یان کوژراوە یان بەبریندارى گیراوە،ووتم سەلامەتم و کەسیش پێی نەزانیوم،دووبارە باوشی پیاکردم و خواحافیزی لێکردم.

ئەو ڕۆژە نەچووم بۆ قەزاکە،لە خەیاڵی دەنگدانەوەی سووتانی مۆڵگایەکی بەعسدا ئەژیام،بۆ بەیانی ڕۆشتم بۆ کەلار (قەزاکە)، نزیکەی هەموو ڕۆژێک سەرم لە خاڵە سابیر ئەدا،خاوەنی تاکە فرۆشگای کتێب بوو لە کەلاردا.کە چوومە ژوورەوە بسکەی ئەهات چاوێکی لێ داگرتم تێی گەیاندم کە ئەیەوێ قسەم لەگەڵدا بکات، خاڵە سابیر پێشمەرگەی کۆن بوو،کاتی خۆی سەرپەل بوو،کاتێ منداڵ بووم دایکم پێی ئەوت سابیر سەرپەل.لەماوەی چوار ساڵی ڕێکخراوی بونمدا لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا هەرچی نامەم بوو بۆ شاخ ئەمدا بە خاڵە سابیر، خۆم بەکتێبەکانەوە خەریککرد تا کتێبخانەکە چۆڵ بوو،ووتی نەتبیستوە،ووتم چی ؟ ووتی نازانی دوێنێ شەوپێشمەرگە دابەزیونەتە ناو کەلارەوەو ژووری یەکێتی قوتابیانی ئێراقیان سووتاندوەو حەرسەکەشیان بە کۆڵەکەیەکەوە بەستوەتەوە،لەوێدا حەزم نەکرد بڵێم من ئەو کارەم کردوە،بزەیەکم بۆ کردو خۆشحاڵی خۆمم دەربڕی و چوومە دەرەوە.

پاشماوەیەک کامەرانم بینی ووتی چۆن هەواڵەکە بنێرین بۆ سەرەوە،لە هێڵی خۆتەوە ئەینێری یان من بینێرم،ووتم هیچ جیاوازی ناکەم لە نێوان خەتەکاندا،گرنگ چالاکیەکەیە کە ئەنجام دراوە نەک لە هێڵی کامانەوە هەواڵەکە بڕوات،ووتی باشە من ئەینێرم ووتم زۆر باشە بینێرە.پاش چەند ڕۆژ ئەگەر بیرم مابێ فەرهاد سەنگاوی هەواڵەکەی خوێندوەو ووتی چەند پێشمەرگەیەکی داخلی ناو کەلار هەڵیان کوتاوەتە سەر مۆڵگایەکی بەعس و سووتاندویانە.دوای چەند ڕۆژێکیتر فاروق سابیرم بینی کە کوڕی هەمان خاڵە سابیرە،ئەوکات ئەو بەرپرسیاری ڕێکخراوەییم بوو، هەواڵەکەم پێگەیاند
یەکسەر ووتی هەواڵەکەت لە خەتی خۆمانەوە ناردوە،ووتم نەخێر لە خەتی هاوڕێیکمەوە ناردومە،زۆر توڕە بوو لێم،ووتی چۆن ئەبێت کاری وا بکەیت،بەهەرحاڵ لەویشم گەیاند گرنگ کارەکەیە نەک ناردنی هەواڵەکە.
داخی گرانم نەک ئەو چالاکیە نەبووە هۆی ڕاپڕینی خەڵکی کەلار بەڵکو ووردە ووردە ڕاپەڕینی شارەکەنی تریش خامۆش بوونەوە.

---

* حەمەی کەریم گەڕەکێکی شاری کەلارە کەوتوەتە باکوری شارەوە(زۆرم پێ ناخۆش بوو ووتیان شارەوانی کەلار ناوەکەی گۆڕیوە)

**بیرم نەماوە ئەو قوتابخانەیە ناوی چی بوو  وابزانم ناوی شێروانەبوو
*** شەفەلاح درەختێکی هاوینەیە بەرێکی مزر ئەگرێ و تەرز لێ ئەدات